بێخاڵ: هاوینەهەوارێکی جوان و گوندێکی بێ خزمەتگوزار

گوندی بێخاڵ نزیکەی ٥٠ ماڵ خۆی دەگرێتو هاوینە هەوارێکی دڵرفێنە، کەبەهاران و هاوینان گەشتیارێکی زۆر سەردانی دەکەن. دانیشتوانی ئەم گوندە وەك زۆربەی گوندەکانی دیکەی کوردستان بێ کێشەو گرفت نین، بەڵام گرفتی ئەوان لەهەر گوندێکی ئیدارییەوە سەر بەناحیەی ڕەواندوزە کەچی وەکو تر سەر بەهیچ شارەوانیەك نییەو ئەمەش وایکردووە کەلەهەر جۆرە خزمەتگوزارییەك بێبەش بێت، ئەگەر چی لایەلا هەندێ کاری بۆ کراوە، بەڵام وەکو پێویست نەبووەو خزمەتگوزاری شیاوی لەبوارە جیاوازەکان پێشکەش نەکراوە. بۆ نمونە قوتابخانەکەی پڕ لەکەموکوڕییەو تەنها شەقامی ناو گوندەکە بەشەقامی سەرەکی دەبەستێتەوە تەنها (١٥٠م) یەك دەبێت، تائێستا هەر قوڕەو ئاوەڕۆو ناو کۆڵانەکانی زۆر بێ سەروبەرە، جگە لەچەندین کێشەی تری بواری ئاوو کارەبا، لەم ڕاپۆرتە تیشك دەخەینە سەر هەندێك لەکێشەی‌دانیشتوانی ئەم گوندە کاتێ چوینە نێو گوند، دوو پیاو لەسەر شەقامی سەرەکی‌و وەستابوون‌و لێیان نزیك بوومەوە، کەزانیان من هاتووم بۆ گیروگرفتەکانیان، زۆر خۆشحاڵ بوون یەکێکیان وتی: (کاکە گیان وەرە لەگەڵم بابچین نیشانت بدەم تابزانی ئەوە بۆری ئاوە ئاوی خواردنەوەمانی لێوە دێت)، کەسەیرم کرد بینیم بۆری ئاوەکە لەچەندین شوێن کونو بیووو بەسەر شاقامە قوڕەکە پەرش‌و بڵاو بوبووەوە. ئەو هاوڵاتییە هەڵیدایە: (ڕاستە ئێرە هاوینەهەوارێکی بەناوبانگە، کەچی بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزاری ئەم سیما بۆمان کردووە. "(جەمیلە)ش کەهاتە لامان‌و بینی بەدوای گلەیی‌و گازندەکانی ئەوان چووین، دەڵێ: "ئەوە شەش مانگە بەحیساب ئاوەڕۆی ئەو کۆڵانەمان بۆ تەواو دەکەن، کەچی بەنیوەچڵی جێیان هێشت.گوایە لەبەر نەبوونی چیمەنتۆ جێبەجێ ناکەن "هەروەها ئەم ئافرەتە لەدرێژەی قسەکانیدا وتی: "کۆڵانەکان بۆخۆی کۆنکرێت بوون‌و هاتن ئەویش خراپ کرد" کچێکی قوتابی کەلەبەر نەبوونی ناوەندی وازی لەخوێندن هێناوە، دەڵێ: " من قوتابی ناوەندی بووم، چونکە قوتابخانە لەگوندەکەمان نەبوو دەبوا بچین بۆ ڕواندوز، ناچار وازم هێنا، ئێستا بەحەسرەتی ڕۆژانی قوتابخانەو خوێندنم‌و منیش دەستە خوشکەکانم حەزمان لێیە وەکو کچانی تر خوێندن تەواو بکەین "ئافرەتێك کەدایکی سێ قوتابی بوو دەڵێ : "کچەکانی ئێمە دوارۆژی زانستیان سوتا، تەنها لەبەر بێ قوتابخانەیی، چونکە قوتابخانەی ئێرە ناوەندی لێ نییە، هەندێکیان دەچنە ڕواندوز، بەڵام دوورەو زۆرجار گرفتی گواستنەوەیان بۆ دروست بووە جوایە هەر هیچمان نەبوایە قوتابخانەیەکی ناوەندی هەبوایە، ئەم گوندە قوتابخانەی سەرەتایی هەیە بەڵام کەلاوەیە، گەر ببینی لات سەیر دەبێ کەلەمرۆژگارە قوتابخانەی واهەبێ "(سەید ئیسماعیل) کەپیرەمێردێکی بەساڵاچوو، وتی: لەرووی خزمەتگوزاری پێویستمان بەقیرتاوکردن، یان کۆنکرێتکردنی شەقامی ناو گوندو چاککردنی‌ئاوەڕۆو زێرابی کۆڵانەکان‌و تۆڕەکانی ئاوو نۆژەنکردنەوەی قوتابخانە هەیە، لەگەڵ دانانی حاویەتی زبڵ، بەگشتی تائێستا لەرووی خزمەتگوزاری هیچی وامان بۆ نەکراوە بۆیە داوا لەلایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەین کەچاوێك بەگوندەکەماندا بخشێنن". کەسەردانی قوتابخانەی بێخاڵی سەرەتایی تێکەڵاومان کردو چووینە ژووری بەڕێوەبەر، ناو ژوورەکە خۆڵ‌و دیوارەکانیش ڕەش هەڵگەڕابوون، کاتێکیش سەرم بەپۆلەکاندا، ژووری بێ جام‌و دیوارەکانی شوێنەوار دوکەڵ‌و ڕەشایەتی پێوە دیار بوو، گۆڕەپانی قوتابخانەکەش مەپرسە، هەمووی کەندو کۆسپ بوو، هەروەها شوێنەواری ئاو لەسەقفی هۆیەکان دیار بوو، دیارە لەکاتی باران‌و بەفر بارینی زستاندا ژوورەکان دڵۆپە دەکەن. قوتابی (حوسێن ئەحمەد مستەفا) وتی: "لەبەرئەوەی ڕێگای ناو گوند قوڕە، بۆیەتادەگەینە قوتابخانە گشت لەشکان دەبێتە قوڕ" (هاوار جەمیل مەجید)ی قوتابیش دەڵێ: "پۆلەکانمان هیچ جامیان تێدا نییەو زستانان دڵۆپە دەکەن، بەمەش زستانان زۆر ساردو سڕن‌و تووشی نەخۆشی دەبین. هەروەها قوتابی (هەژار فەندی شوکر) دەڵێ:" پێویستی زۆرمان بەئاودەست چاککردنەوە هەیە، چونکە تێکچوون‌و زۆر پیسن‌و گۆڕەپانی یاری کردنمان نییە". مامۆستایەکیتر وتی:" ئەوەی قوتابییەکان وتیان هەمووی تەواوە، بەڵام ئەوەی گرینگە بوونی قوتابخانەیەکی ناوەندییە. چونکە ئەو کچانەی کەلێرە دەردەچن، هەموویان دەکەونە ماڵەوە، چونکە دەبێ بچنە ڕواندوز ئەویش دوورەو کچەکان ناتوانن دەوام بکەن.. بۆ قوتابخانەکانمان چەند جارێك داوامان کردووە کەنۆژەن بکرێتەوە، کەچی هیچمان بۆ نەکراوە، بۆ نموونە بەقوتابی‌و مامۆستایەکان یەك ئاوو دەستمان هەیە، ئەویش وەکو پێویست نییە".

مامۆستا(هاوار عەزیز)دەڵێ: ئەوەی گرنگە بڵێم نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکەیە، کەسەیری دیوارەکان دەکەی زۆر ناشیرین دێنە پێش چاو دیارە هەمووی شوێنەواری ئاگرە، وەك دەڵێن، ئەوە پاشماوەی ئەو ئاوارانەیە کەکاتی کۆڕەو لێرە مابوونەوە، هەروەها کەزستانان باران دێت لە(سەقفی) ژوورەکان ئاو دێتەخوار".

بەڕێوەبەرەدستی قوتابخانەکە کەئافرەتێك بوو وتی:" کاتی قوتابخانە گەسك دەدەم گڵ هەڵدەقەنێ، چونکە ئەوەی چیمەنتۆیە بێوەی نەماوە".

لەلایەکی تر مامۆستا (ڕەسوڵ کەمال مەجید . یاریدەدەری بەڕێوەبەری قوتابخانەکە) دەربارەی گرفت‌و کێشەکانی گوندو قوتابخانەکەیان، بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە:" نازانین ناوی بێخاڵ بنێین چی.. گوند، یان گەڕەك؟ کەئەوەش پەیوەندی بەسنووری شارەوانی‌و کارگێڕییەوە هەیە، کەنازانین تاکو ئێستا کێ لێی بەرپرسە".

هەندێجار (بێخاڵ) بەگەڕەك لەقەڵەم دەدرێ‌و هەندێجاریش بەگوند، بەکوردی‌و کرمانجی، ئەگەر لەبەرژەوەندی حکومەت بوو ئەوا بەگوند لەقەڵەم ئەدرێ، ئەگەر لەبەرژەوەندی گوندەکەو بۆ خزمەتگوزاری بێت، ئەوا بەگەڕەم لەقەڵەم ئەدێ.

بۆ نمونە ئەو مامۆستایانەی کەلەگوندی بێخاڵ دەوام دەکەن، ئەو دەرماڵەیەی کەئەدرێتە مامۆستاکانی قوتابخانەکەمان، هەمان دەرماڵەیە کەدەدرێتە مامۆستایانی شار، لەرووی خزمەتگوزاریشەوە، ئەوەی کەلەشارکراوەو دەکرێ، بالێرەش بکرێت کەگەڕەکە.

سەبارەت بەقوتابخانە، لایەنی پەیوەندیدار کەهاتون (حزبی حکومی) قوتابخانەکەمان نیشان داون‌و گرتوویانە کەنۆژەنی دەکەنەوە، کەچی پێنج ساڵی تر نۆژەنکردنەوەی دواکەوت، ئێمە دەزانین کەحکومەتی هەرێمی زۆر شت دەکات، بەڵام ئایا لەم دواکەوتن‌و پێشخستنە کێ بەرپرسیارە؟

مامۆستا (وەلید سەعید مەجید . بەڕێوەبەری قوتابخانە) بەم شێوەیە دوا: "قوتابخانەکەمان لەرووی بینایەو ئاوو کارەباو ئاودەستو ژوورەکان وەکو پێویست نییە، بەڵام ئێمە بەناچاری توانیومانە دەوام بکەین، بۆیە داوا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم کەچاوێك بەم قوتابخانەیەدا بخشێنێتەوە، چونکە پێویستی بەنۆژەنکردنەوە هەیە".

بۆ بەدواداچوونی کێشەو پرسیاری هاوڵاتیان لەبارەی گوندی بێخاڵ، سەردانی شارەوانی ڕواندزمان کردو (شاهۆ حاجی کەریم . سەرۆکی شارەوانی ڕواندز) وتی: "گوندی بێخاڵ لەرووی کارگێڕی سەر بەئیدارەی ڕواندزە، دەبارەی خزمەتگوزاریش، دەکەوێتە دەرەوەی سنوری شارەوانی، لەبەر ئەوە ئێمە بەهیچ شێوەیەك ناتوانین خزمەتگوزاری بگەیەنینە ئەم گوندە، چونکە سەر بەهیچ شارەوانییەك نییەو دەکەوێتە بازنەی هاوینەهەواری بێخاڵ، کەدەبێ لایەنی پەیوەندیدار بەهاوینەهەوارەکان خزمەتگوزاریان پێشکەش بکاتو لەرووی کارگێڕیشە، ناحیەی ڕواندوز داواکارییەکانیان جێبەجێ دەکات".

هەر لەم بارەیەوە (سوارە ئەکرەم . بەڕێوەبەری ناحیەی ڕواندوز) وتی: "ئاگادارین کەئەم گوندە گرفتو کێشەی خزمەتگوزاریان هەیە، وەکو ئاوو کارەباو بینایەی قوتابخانەو ئاوەڕۆو ڕێگاو بانەکانی ناو گوند. دیاری لێرە پێشتر نوسراویان بۆ کراوە بەمەبەستی چارەسەرکردنی گرفتەکانیان، چەند جاریش جەخت کراوەتەوە کەبەگوێرەی بەرنامەکانی حکومەت کاریان بۆ بکرێتو کێشەکانیان چارەسەر بکرێ. بەڵام ئەمبینیوە کەبێن مراجعە بکەن، تائێمەش هاوکاریان بکەین، بۆ گرفتی ئەویش، گومان لەوەدا نییە کەکێشەی ناو لەگوندەکان زۆرن‌و پرۆژە ئاویش زۆرن، بۆ ئەمەش دەتوانن مراجعەت بکەن‌و ئێمەش داوا لەمینکەی ئاوی گوندەکان دەکەین‌و قسەیان لەگەڵ دەکەین کەکێشەی ئاویان بۆ چارەسەر بکەن. بەگشتی بۆ تەواوی خزمەتگوزارییەکان، زۆر ئاساییە باسەردانمان بکەن‌و ئێمەش هەوڵ دەدەین بەپێی توانا بۆیان چارەسەر بکەین".

دیمەنێك لە گوندی بێخاڵ

ب. دیانا

خوێندکارانی دەربەندیخان ڕێپێوان ئەنجام دەدەن

خوێندکارێك: بینای خوێندنگاکەمان وەك زیندان وایە..!

ئا: پ. گەرمیان

ڕۆژی ١٤ی ئەم مانگە خوێندکارانی ئامادەیە هەڵگوردی تێکەڵاو لە شارۆچکەی دەربەندیخان ڕێپێوانێکیان ئەنجامدا، خواستی خوێندکاران چارەسەرکردنی زۆربەی زۆری پێداویستییەکانی خوێندن بوو، هەر لەو ڕێپێوانەدا بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە و تیایدا ڕۆژی ١٩ ی ئەم مانگە بۆ جێبەجێکردنی پێداویستییەکانی بۆ بەڕێوەبەرێتی پەروەردە کراوە، بۆ ئەم مەبەستەش راووبۆچوونی هەندێ لەخوێندکارانی ناوڕێپێوانەکەمان وەرگرت:

قوتابی (شەیما بورهان) لەئامادەیی هەڵگورد، کەچووینە لای‌و پرسیمان بۆ کێشەیان؟

وتی" داواکارین لەبەڕێزتان هاوکاریمان بکەن بۆ چارەسەرکردنی گرفتی قوتابخانەکەمان.. گرفتەکان کەکێشەیە بۆ ئێمە زۆرەو بەڵام من بەکورتی‌و چەند خاڵێکی گرنگی باسدەکەین، وەك:

١. دابینکردنی کتێب کەکتێب کەمەو دەست ناکەوێ‌و ئاشماندرێتێ‌و لەکڕین نایەو دەستیش ناکەوێتو زۆریشی لەقوتابیان هەژارن.

٢ ووڕەکان گڵۆپی تیایە..

٣ پۆلەکان بۆیاخ‌و نۆژەن کردنەوەی پێویست بوو، بۆنی نەکراوە.

هەروەها وتی:من وەك قوتابییەك وام لێهاتووە واز لەخوێندن بهێنم، بەهۆی ئەو کەموکوڕییانەوە کەرووبەڕوومان دەبێتەوەو چارەسەر ناکرێت!!

بەراستی هەندێکجار دەڵێن خوێندن بووە بەخۆڕای بەڵام هیچ شت لەمانە ڕاست نییە!

هەروەها قوتابییەکی تری کچ بەناوی (بێگەرد ساڵح)

وتی" کەموکوڕی قوتابیان زۆرە بۆ نمونە:

١. قوتابیانی دەرەوەی شار وەك نەبوونی شوێن‌و جێگە بۆ قوتابییەکان بەتایبەت ئەوانەی لەدەرەوەی شار هاتوون‌و بێ جێگەو ڕێگەو هەژارن دەست کورتن.

٢. مووچە بۆ قوتابیان کەهەندێك قوتابی ناتوانن ئەو موچە دابین کەن بۆ کڕینی سەیارەو هاتووچۆو سەرفو خەرجی.

٣. کێشەیەکی تر ئەوەیە کەمامۆستامان کەمەو، هەندێك لەو مامۆستاکانمان بەناچاری هاتوون دەرس دەڵێنەوە....... **بۆل ١٥**

سەمەرەکانی بەرە جەژنان

ئامادەکردنی باوکی شێنێ

جەژن جەژنی عالەمە

هەرکە ڕەمەزان نزیك دەبێتەوە ، کەم نین ئەوانەی خەمی جگەرە کێشان و چایخانەو ئانخواردن دایاندەگرێت و خوا بۆیان بکات نایانەوێ ، یەك ڕۆژ بەڕۆژوو بن . لێ کە جەژنیش نزیك دەبێتەوە ، هەڵپەو ئەمسەرو ئەوسەری ئەوان بۆ هەرچی زووە چاککردنی سەرو ریشیان و کرینی جلی نوێ و ئیتر بەجارێك ئەو بازاڕە قەرەباڵغ دەکەن ، کابرای ڕۆژووەوانی داماو ، ڕێگەی نییە هەنگاوێك بنێت !

(عەلی) کەلەیەکێك لەسەرتاشەکانی بازاڕدا جگەرەیەکی بەدەستەوەبوو هەوڵیدەدا کەس بەجگەرەکەی نەزانێ ، داوایکرد لەوەستا گرنگی تەواو بەسەرچاکردنەکەی بدات تالەچێژنێ قۆزو روخسارێکی جوانی هەبێت . وەستا بەپێکەنینەوە پێی گوت ، جاخۆ ئەوانەی کەبەڕۆژوون وەك تۆ ئەتکید لەوە ناکەنەوە ؟ (کورە بابە ڕۆژوو بێ ڕۆژوو چییە ، جەژن جەژنی عالەمە) .

هندییەکان و قوربانی

ڕۆژنامەنوسی قوربانیدەر زۆرە ، وەلێ ڕۆژنامەنوسی قوربانیکەر فرە کەمە . ئاخر لەو ڕۆژانە ڕۆژنامەنوسێك چوو لەو مەیدانی حەیوانە بزنێکی قەڵەوی کڕی و ڕاست و ڕاست سەری بڕی و گۆشتەکەی بەخشیەوە بەسەر دراوسێکانیداو لەدوایشدا ئەم قەولەی قەرموو ((لەمانگی ڕەمەزاندا ، خێرەکان دووقات دەنوسرێن و قوربانی گەورەیە)) .

سەیروسەمەرە لەو برادەرەدا ئەوەیە ، کەئە نوێژ دەکات و نەیەك تاقە ڕۆژیش بەڕۆژوو بووە .

برادەرێکی تریش گوێرەکەیەکی بۆیەردەم چەقۆی قوربانی کێشکردوو بەقەسابەکەی فەرموو بۆم بەش بەش بکە . ئەوجا یەك بەشی سێ کیلۆیی نارد بۆ ئەو جەماعەتە کرێکارە هیندستانییەی کەماوەیەکە لە شارەزوور دەژین و بۆ کرێکاری لەگەڵ کۆمپانیایەکی هندستانی هاتوون .. یەکێك لەوکرێکارە هیندییانەش ، ماوەیەك لەمزگەوتێکی ئەم شارە بووەتە (موئەزین)و بانگو سەڵای موحەممەد بەگوێی خەڵکدا دەدات . جابەس نییە ئەم جەماعەتە لەمسوڵمانەکانن . خۆئەگەر هیندۆسی بونایە ، ئەوا نەبەشە گۆشتی قوربانییان بۆ دەبراو نەخەڵکیش بەبرا هیندییەکان ناوی دەبردن !؟. یەکێکی تر لە کرێکارە هیندییەکان پێی ڕاگەیاندم ، کەئەوان پێکەنینیان بەهەندێ هەڵسوکەوتی مسوڵمانە کوردەکان دێت . کاتێك لێم پرسی بۆ ؟ یەکسەر گوتی: مسوڵمان و مەشروب خواردنەوە ؟!

پڵێ گەردنت ئازابێت و بەس

لالە (ئەحمەد) کەپیاوێکی بەتەمەنەو تەواو پیر بووە ، وەك خۆی دەڵێت هەتا ئێستا کەبەبیری بێت ئەنوێژی کردووەو ئەبەڕۆژوو دەبێت . کەچی ئەم پیاوە هەمیشە باسوخواسی ئیمانداری و حەدیس خوێندنەوە بۆ خەڵك بەسەر زارییەوەیەتی ؟! یەکێك لە شتە عەنتیکەکانی لالە ئەحمەد ئەوەیە کەزۆر بایەخ بەجەژن و گەردن ئازادی دەدات و هێشتا دە ڕۆژی گەرەکە لۆ جێژنێ ، دەچێتە بازاڕی لۆ کڕینی چوکلات و شەربەت . ئەو بەرگری لەو هەڵوێستەی خۆی دەکات بەوەی (کەخوا جەژنی پێویست کردووە لەسەر خەڵك تا گەردنی یەکی تیا ئازاد بکەن !!)

ئەو قلتە قلتە بۆ دوای جەژن

لەو بازاڕەداو لەنێو قەرەباڵغییەکی زۆردا مام(فەتاح)م بینی ،مام فەتاح ئەوپیاوەیە کەلەئەنجامی هەژارییەوە وای لێهاتووە کەخەڵك بەشێتی دەزانن . وویستم کەمێك بیدوێنم و بزانم چۆن خۆی بۆ جەژنێ ئامادەدەکات . پێم گووت کەحەزدەکەم بچینە کەنارێکەوەو کەمێك گفتوگۆ بکەین . ئەو بەبێ ئەوەی گوێم لێبگرێت ، یەکسەر پێی گوتم مامە گیان ئەو قلتە قلتە هەڵگرە بۆدوای جەژن . ((لەم بەرە جەژنانەدا بۆ خۆت گوناهبار دەکەیت مامە گیان .. خوا پێی ناخۆشە بەزمانی بەڕۆژوو قلتەقلت بکەیت وبچیت بەلای کارو کاسبیەوە باشترە)) ، ئەو وایووت .